# ووشەكان بۆ مەرگی شارەكەم پرسەیانە ...  ئارام ئەحمەد



لەو شارە بۆ یەكەم جار چاوی نەگبەتیم هەڵهێناوە، هەر لەوێ دەستم داری گرت و فێربووم دەستی ماندوو لەسەر سكی تێر دانێم. ڕۆژگاری تاڵ و شیرین و شەوانی پڕ ئەشكەنجە و ئازارم لە قوژبنێكی ئەوێ بەسەربرد. لەمێژە ئەم شارە من دەناسێ، لە ڕۆژی لە دایك بوونم بەدیار سەرمەوە ڕاوەستابوو، لەگەڵ دایكم ژانیان دابەش دەكرد. لەكۆشی دایكم كەوتمەخوارێ و ئەو هەڵیگرتمەوە، ماچی كردم، یەكەم قوماتەی كردم. بەیەكەوە لەگەڵ دایكم گەورەیان كردم. هەر لەوێ سەرو سیمای پیتەكانم ناسی و ئاشنای ماڵی گەرمی زمان بووم و فێربووم چۆن ملوانكەی ڕستە دروست دەكرێ. لەوێ فێرە خۆشەویستی بووم و بۆ یەكەم جار لە زستانێكی سەخت و لەپاڵ دیواری قوڕی ماڵە هەژارێكی ئەوێ خۆم لە باوەشی گەرمی كچە نەوت فرۆشێكا دۆزییەوە، جێژوانم دیاری كردو لەو ساتەوە فێرە ماچی ناودەم و لێومژین بووم. هەر لەوێ گوێم بە ووشەی دڵداری زرەنگایەوە، هەستم بە نەرمی سنگ و گەرمی هەناسە و بۆنی مەستكەری ئارەقەی لاملی ژنان كرد. هەر لەوێ بۆیەكەم جار دێوی ترسم دی، فێربووم لە تاریكی و هەورە چەخماخە و گورگی كەڵپەتیژ بترسم. زانیم بەزەیی لە فەرهەنگی گورگا هیچ مانای نیە. تێگەیشتم دانانی سەری نەوازش لەبەردەم سەركردە پووتەكان چەند ئاسانە و بەگژدا چوونەوەیان دوو ئەوەندە سەخت و دژوارە.

چەند خۆش دەبوو، هەستم بكردبایە پێم لەسەر خاكی خۆمەو ئەمجا تەماشای دونیام بكردبایە. دەزانم لەم غەریبستان و دوورییەوە بۆم نیە بەسەر شارەكەمدا هەڵدەم. من بێئەمەك بووم بەرامبەری، ئەو كاتەی من بەجێم هێشت ئەو لەگیانەڵادابوو، هەموو ڕۆژێ لەدووری من ودەیانی وەكو من دەمردو دەژیایەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئازارەكانی گەورەتر و برینەكانی قووڵتر و خەمەكانی ئەستوورتر دەبوون. لە ڕۆژی تەنگانەدا هەڵهاتم و نەمتوانی لای بمێنمەوەو باری قورسی سەرشانی كەم بكەمەوە و شپرزەیی هێور كەمەوە، برینەكانی هەتوان بكەم و ئازارەكانی بلاوێنمەوە. ئەو ڕۆژەی ئەو لەخوێنی خۆیدا دەتلایەوە منیش لەدەرگای خاپوور ڕاوەستابووم، زمان و كلتوور و ڕەوشت و وەفاو ئاكار و دەفتەری یادگاری تەمەنێك و هەموو مانا بەرزەكانی نشتیمانم لە كۆڵ نابوو، بە پاسپۆرتێكی تەزویرەوە ئامادەبووم لەگەڵ ئەتاتۆرك كۆڵە پشتەكەم بە مۆرێكی پەرینەوە بگۆرمەوە. ئەو ڕۆژەی ئەو لە سەر سەكۆی قووتابخانەی شۆرش تەماشای بەژنی خوێناوی خۆیی و جۆگەلەی خوێنی بەناهەق ڕژاویی براكوژی دەكرد، منیش لە هەڵپەی بەجێهێشتنی نشتیمانی دایك و گەیشتن بە بەهەشتی بەرین و جۆگەلەی شیر و هەنگوینی دەستكردی حازر بەدەست بووم.

دەزانم بۆم نیە یادی بكەمەوە. بەڵام چیبكەم بەخۆم ڕاناوەستم و دەبێ بنووسم، هەر لەو شارە هەستم بە ئازاری لە دایك بوون كرد. زانیم مردن و كۆچ زامێكی چەند بەژانن. هەر لەوێ چاوم بە گەشانەوەی گوڵ و هەڵوەرینی بالایی تەمەن كرد، هەر لەوێ لووتم بە بۆنی خۆڵی دوای باران و بۆنی لەشی سووتاو ڕاهات.

هەر لەوێ گوێم بە یەکەم گریانی منالّی تازە لە دایك بوو، مرخە مرخی چرکەکانی پێش ڕۆحدەرچوون ڕاچڵەکی. ئەم شارە دەرگای ژیانی بۆ ئاوەڵا کردم، مامۆستایەکی ئەم شارە فێری کردم چۆن قەڵەم بگرم. بێگومان ئەگەر ڕۆڵەی ئەو شارە نەبوومایە، ڕێبازی ژیانم ئەوە نەدەبوو کە ئێستا گرتوومەتەبەر و هەر بەردەوامم. ئەو شارە تێیگەیاندم کە من ڕۆڵەی هەژاری ئەژنۆچەماوەم، کوری گەلێکی بێبەش و زۆرلێکراوم. فێری کردم لەبەر چی ڕووبارەکان سەری غەریبی هەڵدەگرن و دەڕۆن؟ بۆچی لەسەر دەریایی نەوت پاڵی داوەتەوە و کەچی منالّەکانی لە سەرما وەك چۆلەکەی بەر باران هەڵئەلەزن؟ فێری کردم بۆچی هەر ڕۆژەو قۆڵی گەرەکێکی ئاسایی خۆی دەبڕن و دەستێکی ناقۆڵای دەستکردی بۆ دادەنێن؟ بۆچی تەنانەت ناوی منالّەکانی لە هەڵگوردەوە بۆ (سلاح الدين) و شۆرش بۆ (بحترى) دەگۆڕن؟ بۆچی دوانزە مانگی ساڵ بووەتە وەرزی کۆچ و کۆچکردن و وەکو دەموێردی ناوی خوا هەمیشە بەدەممانەوەیە؟ لە چایخانەکان لەباتی دۆمینەو ئەزنیف یاری کۆچە و ڕێگای کۆچە. فێری کردم کەخەم هاوڕێی گیانی بە گیانیمانەو لەگەڵمان دەخوا و دەخواتەوە و دەخەوێ. ئێستا ئەگەر ڕۆژێ خەمم لەگەڵ نەبێ، هەست بە بێزاری دەکەم. ئازار هەوایە و هەڵیدەمژین، بەنانەوە دەیخۆین و لانکەی منالّمان بۆ ڕادەژەنێ. فێری کردم چۆن بە ئابروومەندییەوە بەرەنگاری برسێتی ببمەوە و چۆن هەژاری هێزم بەرامبەر ژیان گەورەتر دەکا.

دەزانن بۆچی تامی شارەکەم سوێرە؟ چونکە خاکەکەی بە فرمێسکی دایکە ڕەش پۆشەکانی ئاودراوە. دەزانن بۆ ڕەنگی شارەکەم سوورە؟ چونکە دارەکانی بەخوێنی ساواکانی چرۆ دەکەن. چونکە لەباتی باران خوێن دەبارێ.

زۆر دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدام گۆرانییەك بۆ شارەکەم دانێم، مەقامی سەرەتاکەی ئاوا دەست پێبکا:

هۆ مامە ڕیشە، ئەسعەدو مەلا نووری، موحسین، هیواو دڵگیر، سەردار، ئێوە بوونە باڵای کەڵەگەت و سنگی پڵنگ، بوونە قەڵخان بۆ ئەوەی جارێکی تر منالانمان نەخرێنە تووروگەوە و لە دەشتی پێ پەتی حیجاز زیندە بەچاڵ بکرێن و ناویان لێ بنرێ: ئەئەئەئەئەئەنفال.

زۆر حەز دەکەم بەم گۆرانییە، دایکم، پیرو پەکەوتەکان، بێوەژنەکان، بێوەمێردەکان، منالان، شێتەکان، عەباس و حەسیبە بلاوێنمەوە و ساتێ ئاسوودەو بەختیار بم. بەلام مەحالە، ئاسوودەییەك، بەختیارییەك لەمالّەکەی خۆم، لە شارەکەی خۆم، لەوولاتەکەی خۆم چنگم نەکەوت. لە غەریبی، لەسەر شەقام دەستم ناکەوێ.

گوێتنگن / ئەڵمانیا
1999